

# پرینتەرێکی وێنە بۆ مۆبایل

راستە لەم سەردەمەدا کامێرای زۆر پێشکەوتووی تایبەت بە وێنە و فیلم گرتن، مۆبایلی هۆشمەندی زۆر باش کە کوالیتی وێنەکانیان زۆر لەسەرێیە بەرهەم هاتوون، ئاسانکارییەکی زۆر کراوە بۆ وێنەگرتن ئەوەی هیچ شارەزای وێنەگرتنیش نەبێت دەتوانێ جوانترین وێنە بگرێت، بەڵام جیهانی وێنەگرتن کەلێنێکی گەورەی تێکەوت و گەورەترین تایبەتمەندی لەدەست دا، ئەویش ئەوەیە ئێستا لە هەزاران وێنە هیچیان ناخرێنە سەر کاغەز و ئەلبوم دروست ناکرێت.. ئەلبۆمی وێنەش بەتەواوی مرد و بوو بە ئەرشیف..

پرینتەری بچووکی تایبەت بە وێنەگەلێکن، بەڵام رەنگە پرێنتەری جۆری Prynt لە هەموویان زیاتر کارئاسانی بۆ وێنەکانی سەر مۆبایل بکات. پرینتەرەکە بچووکە و راستەوخۆ لە مۆبایلەکە دەخرێت و دروست لەوکاتەدا کە وێنە دەگری دەتوانی بیخەیە سەر کاغەزی تایبەت بەخۆی.

پرێنتەری Prynt Pocket زیاتر تایبەتە بە موبایلی ئایفۆن لە ئایفۆن ٥ بگرە هەتا ئەوانی دیکە. پرینتەرەکە لە کاغەزێکی تایبەت بە وێنە سوود وەردەگرێ خۆی ١٠ دانەی لەگەڵدایە. هیچ حبرێکی لەگەڵدا نییە، چونکە وەرەقەی وێنەکە تایبەتە و حیبری لەخۆیدایە.

دەتوانی راستەوخۆ وێنەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و ئینستاگرام بخەیە سەر کاغەز، هەرچەندە ئەو ئیزنەت پێدەدا بەر لەوەی وێنەکە بخرێتە سەرکاغەز دەستکاری بکەی.


پرینتەرەکە سێ رەنگی هەیە، قاوەیی، زەرد و سەوز و بۆ گشت جۆرەکانی ئایفۆن دەبێت.



# یەکەمین نۆت بووکی هێبریدی تایبەت بە گەیم

نۆت بووکی هێبریدی بەو جۆرە کۆمپیوتەرانە دەگوترێت کە لە یەک کاتدا دەبن بە تەبلێت و دەبن بە لاپتۆپ، جیازازیشی لەگەڵ لاپتۆپ لەوەدایە کە یەکجار تەنکترە.

کۆمپانیای Acer نۆتی بوکی جۆری nitro 5 spinی بەرهەم هێناوە، کە نەوەی هەشتەمی پرۆسیسەری ئەنتەلی لەسەرە. بەهۆی ئەوەی تایبەت بەگەیم دروستکراوە کارتی شاشەیەکی زۆری بەهێزی لەگەڵدایە و شاشەکەی بە شێوەی ٣٦٠ پلەیی دەسوڕێت. شاشەکەی ١٥,٦ ئینجە و لە جۆری IPS و فول ئیچ دییە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و SSD یەکەی ٥١٢ گیگابایتە، چوارچێوەکەی لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە و لە ژێر کیبۆردەکە رووناکییەك هەیە.



# خێراییەکی بێ سنوور لە هەڵگرتنی داتادا

گەر چاوت بە SSD جۆری Apacer PT920 Commando دەکەوێ لە یەکەم نیگادا وا دەزانی ئەمە وێنەی چەکێکی تایبەتە و بۆ شەڕ سوودی لێوەردەگیرێ، بەڵام لە راستیدا ئەمە SSD واتە ئامێری هەڵگرتن و راگواستنی داتایە.. بۆ هەڵگرتنی داتای زۆر لە هاردی پورتێبڵ، یان لە هاردی کۆمپیوتەر سوود وەردەگیرێ، بەڵام زیاتر دوو ساڵ دەبێت جۆرێکی دیکە لە هارد واتە SSD بەرهەم هاتووە، کە هەم وزەی کەم دەوێت، هەم داتا زۆرتر هەڵدەگرێت، هەم کێش و قەبارەی کەمە و بە



# کۆداپتەری جاڵجاڵۆکە بۆ فێربوونی فڕۆکەوانی

لـە جیهانـی دیجیتالیدا بازاڕی فڕۆکـەی بچووکەکان کە بـە ریمـۆت کۆنتـڕۆڵ کار دەکـەن و بـە کۆداپتـەر ناسـراون گەرمە.. توانا و تایبەتمەندییەکانیشـیان جیاوازە.. هەروەها قەبـارە و ستایلیشـیان جیاوازی هەیـە. کۆداپتەری جۆری sky viper spider drone کە ستایلەکەی وەك جاڵجاڵۆکە دەچێت بۆ ئەوانەی بیانەوێ لە جیهانی واقیعیدا فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان کۆنترۆڵ بکەن گرنگی خۆی هەیە.

کۆداپتەرەکـەی نیشـتنەوەی ئۆتۆماتیکـی و دەسـتی تێدایـە بەکارهێنـەر لەراسـتیدا وەك لـە دونیـای واقیعـی فڕۆکەیـەك کۆنترۆڵ بـکات وایە. هەتـا کاتژمێرێـك بەبێ شـەحن کردن دەتوانـێ بفڕێت، جۆرێك دروسـتکراوە کە ئەگەر لە شـوێنێکی بەرزیش یان بەهـۆی بایەکـی توندیـش بکەوێت کێشـەیەکی ئەوتۆی بۆ نایەتە پێش.



# هاردێکی ٢٠ ترابایتی

کۆمپانیـای وێسـترن دیجیتـال کـە بە کورتکـراوەی WD ناسـراوە، چالاکییەکانـی لـە بـواری بەرهەمهێنانـی هـاردی پورتێبڵدا چڕکردۆتەوە لەم ماوەیەدا هاردی جۆری my book duo ی بەرهـەم هێنـا، خێرایـی هەڵگرتنـی داتا لەم هاردەدا ٣٦٠ میگابایـت لـە چرکەیەکدایـە جگـە لـە کێبڵی USB-C شـوێنی دوو کێبڵی دیکەشـی هەیە. خاڵی گرنگی هاردەکە لەوەدایـە کـە توانـای هەڵگرتنی ٢٠ ترابایتـی هەیە.. کورد گوتەنی هەموو دنیای تێدەخرێ..

هاردێـك بـە قەوارەیەکـی وا گـەورە بێگومـان سیسـتەمی ئەمنییەتیشـی بەهێـزە بـە جۆرێـك دەکرێت پەسـۆردی ٢٥٦ کاراکتـەری بـۆ دابندرێـت. هاردەکە رەنگە بـۆ هەڵگرتنی داتـای کەسـێك گونجـاو نەبێـت، بـەڵام بـۆ هەڵگرتنـی داتای کۆمپانیا یان نووسـینگە یان زانکۆیەك گرنگی زۆری هەیە.




بەراورد بەهارد کەمتر تێکدەچێت..

ئامێـری SSD جـۆری Apacer PT920 Commando یەکێکـە لـەم ئامێرانـە کـە بـە رواڵـەت وەك چەکی m16 دەچێت، ئەم ئامێرە لەگەڵ سیستەمی NVME1.3 دەگونجێت کە بڕیار وایە سـاڵی ٢٠١٨ بکەوێتـە نـاو جیهانـی سـەختە ئامـرازەوە. خێرایـی هەڵگرتن ٢٥٠٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا و خێرایی راگواسـتن ١٣٠٠ مێگابایـت لـە چرکەیەکدایـە. ئەگـەر فیلمێکـی ٤ گێگابایتی بێت لە ماوەی ١٥ چرکەدا دەیگوازێتەوە.



# داتاشۆ نوێیەکانی LG

کۆمپانیای LG لە پیشانگای IFA2017دا نوێترین داتاشۆ (پرۆژکتەر)ە نوێیەکانی خۆی نمایش کرد، دوو پرۆژکتەری لەیزەری LG واتە ProBeam UST و هەروەها Minibeam پورتێبڵ کە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانیان ئەمانەن:

پرۆژکتەری ProBeam UST فول ئیچ دییە، قەبارەیەکی ئەوەندە گەورەی نییە و لەیزەرییە. پێچەوانەی داتاشۆیەکانی دیکە کە دەبێ مەودای ئامێرەکە لەگەڵ پەردەی نیشاندان زۆر بێ ئەمەیان پێویستی بەوە نییە دەکرێت لە مەودای تەنیا ١٢ س.م بە پانتایی ١٠٠ ئینج نیشان بدات و تەنانەت دەکرێت لە سەر مێزی پێشەوەی قەنەفە دابنرێت، کۆمپانیای پێیوایە ئەم داتاشۆیان رووناکی و بریقەدارترە لە نەوەکانی پێش خۆی و هەروەها هەتا ٢٠ هەزار کاتژمێر کار دەکات و لەگەڵ تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکانیش دەبەسترێتەوە.

داتاشۆی دووەمی LG واتە miniBeam کە ئەویش لەیزەرییە بە کوالیتی HD نیشان دەدا و پێویستی بە وزەی راستەوخۆی کارەبا نییە و چونکە شەحن دەبێتەوە، هەرکاتێك بەتەواوی شەحن کرایەوە هەتا ٤ کاتژمێر کاری پێدەکرێت. ئەو داتاشۆیە تایبەتمەندی جۆری Multi- Angle Projection تێدایە کە بە هۆیە دەکرێت نیشاندانەکان هەتا ٧٠پلەی چەماوەیی نیشان بدات. شوێنی دانانی کێبڵی USB لە جۆری C هەیە بەهۆیەوە بەکارهێنەران لە مۆبایل و لاپتۆپەکانیان بۆ نیشاندان سوود وەربگرن.



# بەر لەوەی رووبدات تۆماری دەکات



کامێراکانی تایبەت بە ئۆتۆمبیل هەروا دێت زیاتر دەبن لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی پێشکەوتوو ئامێری تایبەتیشیان لەگەڵ بەرهەم دێت، یەکێك لەوانە کامێراکان، کامێرەی تایبەت بە ئۆتۆمبیل گەلێك جۆریان هەیە یەکێك لەمانە تایبەتەیە کە بە کوالیتی HD فیلم هەڵدەگرێتەوە و هەروەها ئەم کامێرا ١٨٠ پلەیە و بە هەموو لایەکدا دەسوورێ و دەکرێ لە پشتەوەو پێشەوە فیلم هەڵبگرێتەوە.

شاشەیەکی ٢ ئینجی لەگەڵدایە. ئەم کامێرایە پشتیوانی لە تیشکی سەرووی سوور دەکا و بۆیە لە تاریکیشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە.

هەردوو کامێرا پێکەوە فیلم هەڵدەگرنەوە و بە جیا لە دوو میمۆریدا خەزنی دەکات. کۆنترین فیلمە تۆمارکراوەکان ئەوکاتەی میمۆری پڕ بێ دەسڕێنەوە. سیستەمی GPS تێدایە، لەکاتی فیلم هەڵگرتنەوە، مەودای رۆیشتن لەگەڵ کات، خێرایی، شوێنەکە تۆمار دەکات.

گرنگترین بەشی کامێراکە ئەوەیە هەستەوەری G تێدایە واتە کاتێك کە روودان و پێکدادانێك روویدا بەشێوەی سێ رەهەندی دە چرکە بەر لە روودان و ٢٠ چرکە دوایی روودان رووداوەکە تۆمار دەکات و بە فایلێکی جیای دادەنێ وەك فایلە گرنگەکان..

کاتێك شتێك دەجوڵێت، کامێرا دەست دەکات بە تۆمارکردن هەتا ئەو تەنەی بەرکامێراکە بجوڵێت فیلم هەڵدەگرێتەوە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت چ پرۆگرامێك یان ئەپلکەیشنێك هەیە بۆ ئەوەی کە وێنەکانی سەر مۆبایلی ئایفۆن واتە سیستەمی ios کۆدی نهێنی واتە پاسۆردیان لەسەر دابندرێ؟**

خوێنەری بەڕێز.. لە سیستەمی ئەندرۆید هەر خودی سیستەمەکە بەشێکی داناوە بۆ شاردنەوەی فایل و پرۆگرامەکان.. بەڵام لە ئایفۆندا نییە، باشترین پرۆگرام بۆ ئەوەی وێنەکان بشاریەوە.. پرۆگرامی aPrivateVault کە بە خۆرایی وەریبگری. نە تەنیا وێنە بەڵکو دەتوانی فایلە ڤیدیۆییەکانیش بشاریەوە... شێوازی بەکارهێنانیشی ئاسانە..



# کەیسێکی کۆمپیوتەر لە جام دروستکراوە

لە کۆمپیوتەردا کەیس گرنگی خۆی هەیە وەك بەرگ و قەپێلکی کۆمپیوتەر وایە، جگە لە گەیاندنی وزە پارچەکانی کۆمپیوتەری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، کەیس چونکە رووکاری دەرەوەی کۆمپیوتەرە جگە لە تایبەتمەندییەکانی پێویستە ستایلەکەشی جوان و سەرنج راکێش بێت..

کەیسی جۆری View 71 Tempered Glass Edition یەکێکە لەم کەیسانە. ئەم کەیسە لە چوارچێوەیەکی شووشە دروستکراوە و تەواوی پارچەکانی ناوەوەی بە جوانی دەبیندرێن. هەربۆیە کە سەیری دەکەی لەسەرەتادا دوو پەنکە (فەن) سەرنجت رادەکێشن، جامەکە هەرچەندە دژە بەرکەوتن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارستاییەکەی ٥ ملمە. کەیسەکە پشتیوانی لە کارتی گرافیکی ٤١ س-م دەکات و مەزەڵبۆردەکانی جۆری E-ATX دەخوێنێتەوە. جگە لە (فەن)ەکان لە سیستەمی فێنك کەرەوەی ئاوەکی سوود وەردەگرێ.

## پرۆگرامی سڕینەوەی فایلە دووبارەکان

رەنگە گەلێك جاران ئەوەتان بۆ هاتبێتە پێش پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر و چەندین جار باك ئاپ وەرگرتن (پشتیوانی فایلەکان) لە هاردیسك، یان خۆت لەبیرت چووە کە چەندین پرۆگرامی هاوشێوە یان فایلی هاوشێوە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت خەزن کردووە، بەڵام نازانی و دڵنیا نی کە ئەو فایلەت هەیە یان نا؟ ئەدی ئەگەر چەند کەسێك لەسەر کۆمپیوتەرێك کار بکەن و هەر هەمان فایل کۆپی بکەن ئەوکات دەبینی فایلێکی زۆری وەك یەك لەسەر کۆمپیوتەر خەزنکراون، بۆ ئەوەی لە دەست فایلە دووبارە بووەکان رزگارت بێت پێویستە پرۆگرامی Duplicate File Remover بخەیە سەر کۆمپیوتەرەکەت، پرۆگرامەکە گشت ئەو فایلانەی هاوشێوەن دەناسێ و ئەگەر ویستت لەسەر بێت دەیانسڕێتەوە و بەمەش هاردی کۆمپیوتەرەکەت لە فایلی زیادە پاك دەبێتەوە.

پاش ئەوەی پرۆگرامەکە سکانی کۆمپیوتەرەکەی کرد گشت فایلەکان دەناسێ و دەست دەکات بە سڕینەوەیان، فایلەکان وێنەیی بن، دەنگ یان دەق و ڤیدیۆیی.

دۆزینەوەی گشت فایلە هاوشێوەکان بەناو و قەوارە، دۆزینەوەی وێنە هاوشێوەکان و فایلە دەنگی و رەنگییەکان، بەدواداگەڕان لە فایلە هاوبەشەکانی ناو تۆڕ. تەنانەت فایلە دووبارەبووەکان لەسەر فلاش میمۆری و هاردی دەرەکیش دەسڕێتەوە.




## سایتێک ماڵپەڕە ڤایرۆسیەکان دەستنیشان دەکات



بە تەنیا هەر ڤایرۆس نییە کە دەبێتە مایەی تێکدانی کۆمپیوتەرەکەت و داتاکانت دەستکاری دەکا و دەسڕێتەوە و پرۆگرامەکانت لێ تێك دەدات.. بەڵکو ئەو سایتانەی کە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسن خراپتر لە ڤایرۆسن.. ئێمە رۆژانە سەر لە چەندین ماڵپەڕ دەدەین نازانین کامەیان ڤایرۆس بڵاودەکاتەوە یان نا.. بۆ ئەوەی بەرلەسەردانی کردنت بۆ ماڵپەڕێك بزانی ماڵپەڕەکە کێشەی ڤایرۆسی هەیە یان نا سەر لە سایتی https:// urlquery.net/search بدە لەو سایتەدا لینکی ئەو سایتەی بدەیە کە نیازتە سەردانی بکەی و پاش سکانکردن پێت دەڵێت چ کێشەیەك هەیە لەو سایتەی بە نیازی سەردانی بکەی...